کوردی | ENG

# پێڕستی وەبەرهێنان

## باسرمە

پرۆژەی پەرەپێدانی حکومەتی خۆجێیی (LOGOReP) دارشتنی پلانێکی فرە سیناریۆو درێژخایەن لەگەڵ دیدگایەکی فراوان

پەیامێک لە بەڕێوەبەری شارەدێیی باسرمە 4

شارەوانی باسرمە / کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو 6

دەستەی وەبەرهێنانی باسرمە / چوارچێوەی کاری وەبەرهێنانی هاوبەش 8

بە یەکەوە کارکردن / بەشداریکردن لەپێناو بەردەوامیدان 9

پێنج پرۆگرامەکەی کارکردن / دیدگایەکی یەکگرتووی درێژخایەن 10

پرۆگرامەکانی کارکردن (LOGOReP)

1. ناوچەی سەوزایی گشتی 12
2. گەشەپێدانی کارو بازرگانی خۆجێیی 18
3. گواستنەوەی گشتی و باشکردنی ڕێگاوبان 26
4. ژێرخانی بنچینەیی 30
5. دامەزراوە کۆمەڵگاییەکان 36

جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاو / شێوازی وەبەرهێنانی ستراتیژی 41

” نوێکردنەوەی (تازەباوکردنی) باسرمە ئەرکێکی گەورەیە. ئەم پێڕستە ئەو پرۆژانە دەخاتەڕوو کە پێویستن بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونە. ئەم پێڕستە دەرئەنجامی پێکەوە بیرکردنەوەیە لەگەڵ خەڵکی باسرمە و کەرتی تایبەت و دامودەزگاکانی شارەدێیەکە.

ئەمە گەورەترە لە خەونێک؛ دیدگایەکی بەهێزە، ڕەگ و ڕیشەی لە راستەقینەییدا هەیە. ئێمە شانازی بە باسرمەوە دەکەین و بانگهێشتتان دەکەین بەشداری بکەن لە دروستکردنی ئایندەی هاوبەشمان“.

بەڕێوەبەری شارەدێی باسرمە بەڕێز جەنگاوەر خالید و بەڕێز کارزان نەوزاد بەڕێوەبەری شارەوانی.









# وەبەرهێنان لەگەڵ ئێمە بکە

پەرەپێدانی خۆجێیی بە بەشداری خاوەن بەرژەوەندی و لایەنە پەیوەندارە خۆجێییەکان و شارەوانی و پیاوانی ئایینی و سەرکردەکانی کۆمەڵگا و کەرتی تایبەت دەستپێدەکات. هاونیشتیمانیان، بە گەنج و پیرەوە، بە ژنان و پیاوانەوە، پێداویستی و هیواو ئاواتی تایبەت بە خۆیان هەیە. هەمان شت جێبەجێ دەبێت لەسەر کامپی پەنابەران کە ماوەیەکی زۆرە بووە بە بەشێک لە باسرمە.

هاوکات، پەرەپێدان تەنها لەسەر ئاستی خۆجێیی نییە. حکومەتی کوردستان، لە ڕێگەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار کە لایەنێکی گرنگ بووە لە داڕشتنی ئەو پێڕستەی وەبەرهێنان و ئەو دیدگایەی دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی. لە کۆتاییدا، چەندین هاوبەشی گەشەپێدان وەک – VNGI, DRC و UNHCR - پێویستە ئاماژە بە رۆڵی بەرچاویان بدرێت لە ئامادەکردنی ئەم پێڕستە.
ئەم پێڕستی وەبەرهێنانە ئەوە پیشان دەدات کە چۆن باسرمە داهاتوو بونیاد دەنێت. بە شێوەیەکی زۆر کردارەکی، ڕێبەرێکە بۆ دۆزینەوەی دیدگای گەشەپێدان. هەنگاو بە هەنگاو هەروەها بە جێبەجێکردنی پرۆژە لەدوای پرۆژە، شارەوانی دەبێتە ئەو شارەوانییەی کە خۆی دەیەوێت لەرێگەی رەخساندنی دەرفەت بۆ هەموو ئەوانەی بەشداردەبن.

باسرمە بانگهێشتتان دەکات بۆ ئەوەی بەشێک بن لە بنیاتنانی کوردستان لە ڕێگەی دامەزراندنی شارەوانی بەهێز. ئەم پێڕستی وەبەرهێنانە سەرەتایەکی باشە بۆ بەشداریکردن و وەبەرهێنان لە داهاتووی هاوبەشمان.

DANISH REFUGEE COUNCIL

VNG International

LOGOReP LOCAL GOVERNMENT RESILIENCE PROJECT

شارەوانی باسرمە

# کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو

باسرمە بە دووری 59 کیلۆمەتر لە هەولێری پایتەختی کوردستان، بۆتە نیشتیمانی 16000 هاوڵاتی نیشتەجێ و 3500 پەنابەر. ئەم شارەدێیە بەشێکە لە شارۆچکەی شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر، کە لە ساڵی 1986 بە شێوەیەکی فەرمی ناسێندرا. لە ساڵی 2013 کامپی پەنابەرانی باسرمە کرایەوە.

ژیان و گوزەران کردن لە مێژووی نزیکی باسرمەدا ئاسان نەبووە. بە هەمان شێوەی سەرجەم ناوچەکانی دیکەی کوردستان، رابردوو وای لە دانیشتوانی باسرمە کردووە خۆڕاگربن و هەمیشە ئامادەبن زۆرترین بەرهەمیان هەبێت بە کەمترین سەرمایە. یەکێک لە سوودەکانی باسرمە هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئەم شارەدێیە کە وەک دەروازەیەک وایە بۆ عێراق، دەورە دراوە بە دەشتە کشتوکاڵییە بەپیتەکان.


لەرێگەی بەیەکەوە ژیان، هەموو خەونەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەدێیەکە لەپێناو باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان و دابینکردنی ئایندەیەکی باشترە بۆ منداڵەکانیان. کشتوکاڵ و پاڵاوگەیەکی گاز (غاز) بنچینەن بۆ فراوانکردنی ئابووری لەرێگەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و خزمەتگوزارییەکان.

---

شارەدێی باسرمە: چەند راستییەک
ژمارەی دانیشتوان : 16,000 (شارەدێ)؛ 3,500 (کامپی پەنابەران)
ساڵی دامەزراندنی شارەدێ: 1986 ؛ (کامپی پەنابەران) 2013
دووری لە هەولێر: 59 کم
رووبەر: 2,162,500 م$^2$ (شارەدێ) ؛ 165,000 م$^2$ (کامپی پەنابەران)
خاوەنکارە سەرەکییەکان : کشتوکاڵ و ساغکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان

---





# چوارچێوەی کاری وەبەرهێنانی هاوبەش

پێڕستی وەبەرهێنانی باسرمە لەسەر ئاستی خۆجێیی داڕێژراوەو بەڕێوەدەبرێت، بەڵام بەشێکە لە کۆششی دابینکردنی ئامرازو ڕێگاکان بۆ کوردستان لەپێناو کارکردن بەرەو پەرەپێدانی بەردەوام. دیدگای کوردستان 2030 چوارچێوەی کار بۆ گەشەپێدانی نیشتیمانی و خۆجێیی فەراهەم دەکات بۆ هەردوو کەرتی تایبەت و حکومەت (گشتی).




دیدگای گەشەپێدان کە کۆڵەگەی ئەم پێڕستەی وەبەرهێنانە بەشێکە لەو چوارچێوەیەی کارکردن. واژووی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار لەسەر دیدگای گەشەپێدان، پێگەی سیاسەتی فەرمی پێبەخشیوە. لە کاتی گونجاودا، ئەم پێڕستەش دەبێتە بەشێک لە ستراتیژی نیشتیمانی.

بەم شێوەیە، کاتێک دەستەی وەبەرهێنانی باسرمە لە لایەن بەڕێوەبەری شارەدێیەکە سەرۆکایەتی دەکرێت، کارێکی نامۆ نابێت. ئەندامانی تر لە دەستەکەدا، نوێنەرایەتی خاوەن بەرژەوەندیە سەرەکییەکان و کۆمەڵگاو دانیشتوانی پەنابەر دەکەن. وەبەرهێنان یەکسانە بە بەشداریکردن. لە کاتێکدا کە سەرەوەری حکومەتی خۆجێیی مسۆگەر کراوە، داوا لە وەبەرهێنەرانیش دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە پەرەپێدانی باسرمە.





# بەشداریکردن لەپێناو بەردەوامیدان

ئەم پێڕستی وەبەرهێنانە ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی گەشەپێدانە. ئەو پرۆژانەی وەبەرهێنان، نیشانی دەدەن کە پلانیان بۆ داڕێژراوەو پێشبینیکراون — لە کەرتی تایبەت و حکومی - و لەلایەن هاوبەشەکانی گەشەپێدانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە پشتگیری دەکرێن. گەشەسەندنەکانی داهاتوو لەسەر ئاستی درێژخایەن، بە یەکەوە دادەڕێژن. چوارچێوەی کات پەیوەستە بە ستراتیژی وەبەرهێنانی نیشتمانی و پارەی بەردەست و پێشهاتە نێودەوڵەتییەکان.

وەبەرهێنان، پرۆژەی وەبەرهێنانی دیکەش ڕادەکێشێت. کاتێک چەند پرۆژەیەک جێبەجێدەکرێن، هاوبەشی تازە، بە تایبەتی لە کەرتی تایبەت، ئەو دەرفەتانە دەبینێت کە باسرمە دەتوانێت پێشکەشیان بکات. ئەم وەبەرهێنانە گەورەیە ڕاستییەکە لە ڕێگەی ئەو پرۆژانەی کە پێشتر لەلایەن ڕێکخراوی UNHCR جێبەجێ دەکرێن وەک قوتابخانەی سەرەتایی هەروەها پرۆژەکانی نوێکردنەوەی ڕێگاوبانەکان.

ئەم پرۆژانە وادەکەن شارەدێیەکە زیاتر سەرەنجراکێش بێت بۆ خاوەنکارە ناوخۆییەکان کە چالاکییەکانیان دەبێتە هۆی زیادکردنی باج و داهات. ئەو باجەی کۆدەکرێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی پارە دابین دەکات بۆ پێشکەشکردن و بەردەوامیدان بە خزمەتگوزارییەکان. لەسەر ئاستی نیشتیمانیش دەبن بە بنچینەی وەبەرهێنان کردنی تازە لەژێرخانی چاودێری تەندروستی و پەروەردە.

پرۆسەکە لەسەر ئاستی خۆجێیی بەڕێوەدەچێت بەڵام لە لایەن تیمی پلاندانانی شارستانی لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار پاڵپشتی دەکرێت. بنیاتنانی توانا (تواناسازی) سێگۆشەی وەبەرهێنان و حکومەتی خۆجێیی و نیشتمانی بەهێز دەکات.

دانیشتوانی کۆمەڵگەی پەنابەران و خانەخوێ بەشێکی دانەبڕاون لە پرۆسەکەدا. بەشداریکردنیان دڵنیایی دەدات لەوەی کە گەشەپێدان ڕەگ و ڕیشەی لە پێداویستییە ناوخۆییەکاندایە و هاندەری خاوەندارێتی ناوخۆییە. هێنانەکایەی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی دەرفەتەکان بۆ خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان لە کرۆکی پرۆسەی بەشداریکردندان.

پێنج پرۆگرامەکەی کارکردن

# دیدگایەکی یەکگرتووی درێژخایەن




### 1. ناوچەیەکی سەوزایی گشتی
- (1a) وێستگەی پشوودان و دەروازەی شارەدێ
- (1b) ڕێڕەوی ئاوی باران و سەوزایی
- (1c) پرۆژەکانی سەوزایی گشتی
- (1d) سەنتەری کۆمەڵگایی کراوە

### 2. گەشەپێدانی کاروبازرگانی خۆجێیی
- (2a) ناوچەی پیشەسازی سووک
- (2b) بازاڕی ساغکردنەوەی بەرهەم بە کۆ (عەلوە)
- (2c) سەنتەری کەرەستەکانی پیشەسازی
- (2d) سایلۆی گەنم
- (2e) نەمامگە
- (2f) ناوچەی پیشەسازی خۆراک

### 3. گواستنەوەی گشتی و باشکردنی ڕێگاوبان
- (3a) وێستگەی گواستنەوەی گشتی
- (3b) چاکردنەوەی شەقامەکان
- (3c) چاکردنەوەی ڕێگای کامپی پەنابەران
- (3d) چوارڕیانی دەروازەی هاتنەناو شارەدێ

### 4. ژێرخانی بنچینەیی
- (4a) باڵەخانەی چاکردنەوەی کارەبا
- (4b) نوێکردنەوەی بگۆڕەکانی کارەبا
- (4c) بنکەی تەندروستی بە ووزەی خۆر
- (4d) ڕووناکییەکانی شەقامی کامپی پەنابەران بە ووزەی خۆر
- (4e) چاکردنەوەی تۆڕی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە
- (4f) چاکردنەوەی تانکی ئاو
- (4g) چاکردنەوەی تۆڕی ئاوەڕۆ

### 5. دامەزراوە کۆمەڵگاییەکان
- (5a) بنکەی تەندروستی
- (5b) بنکەی پۆلیس
- (5c) قوتابخانەی سەرەتایی
- (5d) قوتابخانەی کچان



ئامانجی (13) سیانزەهەمین لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بریتییە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی خێراو پێویست بۆ ڕووبەڕووبەوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەواو کاریگەرییەکانی.

13 ڕێکارەکانی پەیوەست بە کەش و هەوا

بە چاندنی دارو درەخت بە یەکەوە، منداڵانی باسرمە هەنگاوی یەکەمیان جێبەجێ کردووە. ئەو ناوچە سەوزاییەی پلانی بۆ داندراوە لە باسرمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا.



بە یەکەوە کارکردن لەسەر


# 1 ناوچەی سەوزایی گشتی

باسرمە دەکەوێتە تەنیشت ڕێگای خێرا، لەناوەڕاستی کۆمەڵێک شاخی جوان. ڕێگای باش دانیشتوان بەیەکەوە دەبەستنەوە و دەرفەتی ئابووری پێشکەش دەکەن. ناوچەی سەوزایی پێشنیارکراو هەموو بەشەکانی شارەدێیەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە لەگەڵ ڕێگا تازەکە بە مەبەستی گەشەپێدانی بازرگانی هەروەها خزمەت گەیاندن بە دانیشتوان و ڕێبواران و گەشتیاران.


ناوچە سەوزاییەکە تەنها شوێنێکی جوان نییە. بەڵکو دەرفەتی ئابووری دەڕەخسێنێت. سوودێکی دیکەی ئەو ناوچەیە پاراستنی شوێنەکەیە لە بارانی زۆرو لافاو چونکە دەبێتە پانتاییەک بۆ هەڵمژینی ئاو.

ناوچەی سەوز شوێنی پێویست دابین دەکات بە مەبەستی وەرزش کردن و کۆبوونەوەو هەروەها دروستکردنی باخچەی جیاواز لەسەر ڕووبەری 100,000 م$^2$. لە بەرامبەر وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن، دەکرێت داوا لە خاوەنی کۆشکەکانی ناو باخچەکە بکرێت چاوێکیان لە شوێنەکە بێت بە مەبەستی پاراستن و بەشداریکردن لە چاکردنەوەو بەردەومیدان بە سەوزایی. بەم شێوەیە ناوچەی سەوز پاک و سەلامەت دەمێنێتەوە بۆ ساڵانی داهاتوو هاوکات کەمترین تێچووی لەسەر شارەوانی دەبێت.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| وێستگەی پشوودان و دەروازەی شارەدێ | $1,500,000 | 200 | 72 |
| ڕێڕەوی ئاوی باران و سەوزایی | $25,000 | 220 | 5 |
| پڕۆژەکانی سەوزایی گشتی | $435,000 | 790 | 16 |
| سەنتەری کۆمەڵگایی کراوە | $500,000 | 180 | 8 |
| کۆی گشتی | $2,460,000 | 1,390 | 101 |




1. وەسفکردنی ناوچەی گشتی ناوەندی کە سەرجەم گەڕەکەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە.



2. روستکردنی ناوچەی "پشوودانی خێراو کاتی" هەروەها فرۆشگاکانی قەراغ ڕێگای گشتی.



3. پێدانی دیمەنێکی سەوزایی لە ڕێگەی دروستکردنی باخ و چاندنی دارەکان بە تەک دامودەزگاکان بۆ ڕێگەگرتن لە زریان و لافاو.



4. ڕێکخستنی دامەزراوە گشتییەکانی وەک یاریگاو شوێنەکانی کۆبوونەوەو ناوەندەکانی وەرزشی.



5. بەهێزکردنی لایەنی شارستانی گەڕەکەکانی ئێستا و بەستنەوەیان بە ناوچەی سەوز.



6. پەرەپێدان بە یەکەوە لەگەڵ خاوەنکارەکان کە بەشداردەبن لە چاکردنەوەو بەڕێوەبردن.



ناوەندێکی کۆمەڵگایی کراوەو شوێنەکانی وەرزشکردن و گۆڕەپانی یاریکردن و هەروەها چەندین شوێنی دیکەی گشتی بە درێژایی پانتاییە سەوزەکە جێگایان بۆ دەکرێتەوە کە سەرجەم بەشەکانی شارەدێیەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. وێنەی پێشبینیکراوی سەرەوە هەندێک لەو ئەگەرانە روون دەکاتەوە.



## (1a) ویستگەی پشوودان و دەروازەی شارەدێ

تا کوردستان زیاتر گەشە بکات، قەرەباڵغی زیاتر بەلای باسرمەدا تێدەپەڕێت. وێستگەیەکی پشوودان - کە لە لایەکەوە تازەباو (مۆدێرن) بێت و لە لایەکی ترەوە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگا بگونجێت - وا لە گەشتیاران دەکات پشوویەک لە باسرمە بدەن. زیاتر لە 3.000 م$^2$ لە فرۆشگاو بازاڕ و چێشتخانەیەک هەلی کار بۆ دانیشتووان دەرەخسێنن.

پلاندانان
لە ئارادایە

## (1b) ڕێڕەوی ئاوی زریان و سەوزایی

ئاوی زۆر گرفتێکی گەورەیە بە ئەندازەی کەمیی ئاو. دروستکردنی ڕێڕەوێک بە درێژایی 2 کم بۆ ئاوی زریان لەسەر ژێرخانی ئێستا، وادە کات باسرمە لە لافاو پارێزراوبێت. کۆکردنەوەی ئاوەکە دەرفەتی بەکارهێنانی بۆ ئاودێری و پاراستنی ناوچەی سەوز دەرەخسێنێت.

## (1c) پرۆژەکانی سەوزایی گشتی

تێکەڵ کردنێکی زیرەکانەی ناوچەی سەوزایی گشتی و باخەکانی بەرهەمهێنانی سەوزە دیمەنێکی سەوزایی دڵڕفێن دەبەخشێت کە گەڕەکەکان و دانیشتوانی باسرمە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. دەرفەتە بازرگانییەکانی، وەک کۆشک وباخچەی بازرگانی، داهات دێنن بۆ شارەدێیەکەو هەروەها ڕێگایەکە بۆ پاک ڕاگرتنی ناوچەکە و بە باشی پارێزگاری لێبکرێت.

## (1d) سەنتەری کۆمەڵگایی کراوە

سەنتەرە کۆمەڵایەتییە نوێیەکە کە لەسەر رووبەری 2500 مەتر دووجای دروست دەکرێت شوێنێک پێشکەش بە دانیشتووان دەکات بۆ ئەوەی پێکەوە بژین. شوێنێک دەبێت بۆ گەنجان بۆ یاریکردن، بۆ پیرەکان تیایدا دانیشن و کات بەسەرببن هەروەها بۆ سەیرکردنی خەڵک. شوێنێک بۆ کۆبوونەوە و ڕێکخستنی بۆنە و مەراسیمەکان لە ڕۆژانی پشوودا.

### بنیاتانی کۆمەڵگا

خاڵی سەرەکی جێبەجێکردنی بەردەوام پلانێکی درێژخایەنە بۆ پاراستنی شوێنە گشتیەکان بەجۆرێک کە سەوز و پاک و سەلامەت بمێننەوە. بژاردەکان بریتین لە پێدانی مۆڵەت بۆ کۆشک و چالاکییەکانی تری کارگێڕی، لە بەرامبەردا خاوەنکارەکان بەشێک لە ناوچەکە دەپارێزن. هەروەها دەکرێت چین و توێژە جیاوازەکانی گەڕەک یان دانیشتوان لەگەڵ حکومەتی خۆجێیی و هاوبەشەکانی تر ڕۆڵیان هەبێت.



نەخشەی وێستگەی پشوودانی باسرمە بە وورده‌کاریه‌کانه‌وه‌ ته‌واو بووه‌و ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن. ئەوەی چاوەڕوانکراوە، پەرەپێدانەکە ببێتە هۆی دروستکردنی ناوچە بازرگانییەکان و دامەزراوەکان بۆ دانیشتوان و ڕێبواران وەک ئامادەکردنی 48 فرۆشگاو 2 مارکێت و چێشتخانەیەک کە لە ناوچەیەکی بازرگانی بە رووبەری 3000 $م^2$ دروست دەکرێت.



8 کارێکی شایستەو گەشەی ئابووری

ئامانجی (8) لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام هانی گەشەیەکی ئابووری نەپچڕاوو گشتگیرو بەردەوام دەدات هەروەها پیشەیەکی تەواو و بەرهەمدار و کاری شایستە بۆ هەمووان.

پڕۆژەکانی کە لەم پێڕستەدا هاتوون 300 هەلی کار دەڕەخسێنن هەروەها بناغەی گەشەی ئابووری خۆجێیی دادەڕێژن.



به یەکەوە کارکردن لەسەر

## 2 گەشەپێدانی کاروبازرگانی خۆجێیی

خەڵکی باسرمە، بە دانیشتووانی رەسەن و پەنابەرانەوە، لە نزیکەوە ئاگادارن کە ژیان چەندە سەختە. دروستکردنی کۆمەڵگا بە باشترین شێوە ئەنجام دەدرێت لە رێگەی ئاسانکاری کردنی خێزانەکان بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان. کارێکی شایستەیان هەبێت تا یارمەتیان بدات لە دابینکردنی ژیانێکی شایستە. دەرفەت هەبێت بۆ منداڵان بچنە قوتابخانە و پەروەردە بکرێن. هەروەها نەوەی بەساڵاچوو بە شکۆمەندییەوە پیر بێت. وەبەرهێنان کردن لە ئابووری ناوخۆییدا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئەم خەونانە ببن بە راستی.

ئابووری خۆجێیی تۆڕێکە بۆ پرۆژە بچووک و گەورەکان. ئەگەرچی زۆر هەمەچەشنن بەڵام یەکتری تەواو دەکەن و بەهێز دەکەن کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی باسرمە. کارکردن بە یەکەوە ئەو ئەنجامانە دروست دەکەن کە پەرە بە ئایندەی باسرمە دەدەن.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| ناوچەی پیشەسازی سووک | $1,250,000 | 400 | 50 |
| بازاڕی ساغکردنەوەی بەرهەم بە کۆ (عەلوە) | $375,000 | 80 | 38 |
| سەنتەری کەرەستەکانی پیشەسازی | $390,000 | 30 | 6 |
| سایلۆی گەنم | $4,000,000 | 400 | 20 |
| نەمامگە | $50,000 | 4 | 4 |
| ناوچەی پیشەسازی خۆراک | $1,250,000 | 400 | 50 |
| کۆی گشتی | $7,315,000 | 1,314 | 168 |





وێنەی لای چەپ: بازاڕێکی بە کۆ بۆ بەرهەمەکان یارمەتیدەر دەبێت لە دروستکردنی پیشەسازییەکی کشتوکاڵی گەشەسەندوو لە باسرمە. وێنەی لای ڕاست: فراوانکردنی ژێرخانی کشتوکاڵی وەک بۆ نموونە دروستکردنی سایلۆیەک بۆ گەنم هەمیشە خەونی جوتیارانی ناوچەکەیە ببێتە ڕاستی.



## 2a ناوچەی پیشەسازی سووک

ئاسانکاری کردن بۆ خاوەنکارە خۆجێییەکان بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکان ڕێگایەکی زۆر باشە بۆ بەهێزکردن و هەمەجۆر کردنی سەرچاوەکانی ئابووری. ناوچەیەک بە ڕووبەری زیاتر لە 15000 م$^2$ تەرخانکراوە بۆ ئەو بازرگان و دابینکارانەی بە کۆ کار دەکەن هەروەها بۆ پیشەسازی سووک وەک چاکردنەوەی ئۆتۆمۆبێل و کەرەستەکانی بەکاردەبرێن.

## 2b بازاڕی ساغکردنەوەی بەرهەم بە کۆ (عەلوە)

دروستکردنی بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بە کۆ دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ چەندین فرۆشگاو چێشتخانەی شارەدێیەکە بۆ دەستکەوتنی بەرهەمی تازەی ناوخۆیی هەروەها دەرفەتێکیشە بۆ جوتیاران بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان زیاتر لە بازاڕی ناوخۆییدا. هاوکات ڕێگایەکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و وەڵامدانەوەی داواکارییە چاوەڕوانکراوەکانی ڕێبوارانی ناوچەکە.

## 2c سەنتەری کەرەستەکانی بیناسازی

زیادبوونی خواست لەسەر کەرەستەی بیناسازی لە ساڵانی داهاتوودا بە باشترین شێوە لە ناوخۆدا دابین دەکرێت. ڕێکخستنەکە بەندە لەسەر بەرژەوەندی بازرگانی. دەکرێت سەنتەرێکی گەورە بێت و یەک خاوەنی هەبێت یان پێکبێت لە کۆمەڵێک دوکانی بچووکتر.



ناوچەی پیشەسازی سووک (لە وێنەکەی ناوەڕاست و ڕاست) هەروەها ناوچەی پیشەسازی خۆراک (لە وێنەکەی ناوەڕاست و چەپ) هەلی کاری زۆر دەڕەخسێنن بۆ دانیشتوانی باسرمە. سەنتەری کەرەستەکانی پیشەسازی (لە وێنەکەی سەرەوەو ڕاست) پاڵپشتی لە کاروبازرگانی ناوخۆیی دەکات و گەشە بە کەرتی بیناسازی دەدات، هاوکات دروستکردنی بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم بە کۆ (لە وێنەکەی سەرەوەو ناوەڕاست) کەرتی کشتوکاڵی باسرمە دەباتە ئاست و قۆناغێکی تازە. بۆ زانیاری، ئەوەی خراوەتەڕوو تەنها وێنەیەکی پێشبینیکراوی ئەو ناوچانەیە دەتواندرێت زیاتر ڕوونبکرێتەوە لەگەڵ وەبەرهێنەران و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

## (2d) سایلۆی گەنم

کارکردن بەیەکەوە یارمەتی جووتیاران دەدات قازانجەکانیان زیاد بکەن لەڕێگەی دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە گەورەکان و کەمکردنەوەی تێچوونەکان و بەرزکردنەوەی توانای مامەڵەکردن و سەوداگەرییان. سایلۆی گەنم وا دەکات جووتیارانی ناوچەکە کەمتر پشت بە نێوەندگیرەکان (دەڵاڵەکان) ببەستن.

## (2e) نەمامگە

نەمامگەی دارودرەخت کارێکی بچووکە کە بە باشی گونجاوە بۆ ناوچەی سەوز. هەلی کار بۆ ئەو کەسانە دەڕەخسێنێت کە ئەزموونی کشتوکاڵی کۆنباویان هەیە، ئەمەش وایان لێدەکات بەشێک بن لە ژیانی شار. ناوچەی سەوز سەرنجی زۆر لە کڕیارانی بەتوانا رادەکێشێت.

## (2f) ناوچەی پیشەسازی خۆراک

باسرمە بەختەوەرە کە ناوچە جوگرافیایەکەی زۆر شیاوە بۆ چاندنی بەروبوومەکان. لەکاتی ئێستادا کەرتێکی کشتوکاڵی بچووک بەڵام گەشەسەندووی هەیە. ژێرخانی بنەڕەتی نوێ و خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشکراو لەم پێڕستەدا دەبنە بناغەیەک بۆ خاوەنکارە خۆجێیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ زیاتر پەرەپێدان ئامادەکردن و چارسەرکردنی کشتوکاڵی بەرهەمە ناوچەییەکان، بەمەش هەلی کاری ناوخۆیی زیاتر دابین دەکەن.

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

هەموو پرۆژەیەک بە کۆکردنەوەی خاوەنکاران و وەبەرهێنەران و هاوبەشە کەرتییەکان و بەکاربەرانی (سوودمەندانی) داهاتوو دەستپێدەکات. پێکەوە پێداویستییەکانی ژێرخان دەستنیشان دەکەن، لەگەڵ شێوازی خاوەندارێتی کردن و کارپێکردن. بەشداری بە هەموو ئەو کەسانە دەکرێت کە رۆڵی گەورەو بچووکیان هەیە.





ناوچەی پیشەسازی خۆراک شوێنێکی زۆر پێویستی کارسازی و دەرفەتەکانی کارکردنە لە کەرتی کشتوکاڵی و ئامادەکردن و ساغکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان. ئەم کەرتەش هانی گەشەپێدان دەدات لە کەرتەکانی دیکەش.



**9** پیشەسازی و داهێنان و تازەگەری و ژێرخان

ئامانجی (9) نۆهەمین ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوامی بریتییە لە ئامادەکردنی ژێرخانی بەهێزو بەرگەگر و هاندانی گشتگیری و بەردەوامیدان بە کەرتی پیشەسازی و تایبەت هەروەها پشتگیری کردن لە داهێنان و تازەگەری.

پرۆژەکانی گواستنەوە لە ناو پێرستەکەدا دانیشتوانی باسرمە بە یەکەوە دەبەستنەوە بە سەلامەتی و کاراییەوە جا رۆیشتن بەپێ بێت یان بە پاس یاخود بە لێخورینی ئۆتۆمۆبێل بێت.



بەیەکەوە کارکردن بۆ

# 3 گواستنەوەی گشتی و باشترکردنی رێگاوبان

گەشەپێدانی ئابووری پەیوەستە بە ژێرخانی ئابوورییەوە، لەوانەش گواستنەوەو گەیاندن بۆ کالاّ و خەڵک، کە لە بەرامبەردا لە رێگەی گەشەپێدانی ئابوورییەوە پارەدار دەکرێت.


دروستکردن و پاراستنی ژێرخانی گواستنەوەی بەهێز و مۆدێرن کاتی پێویستە. دیاریکردنی کێشەکانی ئێستا و پێشینەدان بە پێداویستییەکان وەک بەشێک لە دیدگای گەشەپێدانی باسرمە، کاری پلاندانان ئاسان دەکات. و هەلی کار پێشکەش دەکات.

چاککردنەوەی ژێرخانی ئێستا یارمەتیدەرە بۆ رێگریکردن لە تێکچوونی زیاتر. ئیش دەکرێت لە شارەدێیەکەو لە کامپی پەنابەران و هەروەها لەسەر رێگای بەیەکتر بەستنەوەی شوێنەکە.

رێگای باشتر، ئاستی سەلامەتی زیاد دەکات و ژیان بۆ دانیشتووان و خاوەنکارەکان ئاسانتر دەکات. هەروەها گواستنەوەی گشتی دەبێتە هۆی زیادبوونی گەیشتن بە شوێنە جیاوازەکان و رەخساندنی هەلی کار.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری راستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| وێستگەی گواستنەوەی گشتی | $70,000 | 45 | 5 |
| چاکردنەوەی شەقامەکان | $1,000,000 | 150 | 6 |
| چاکردنەوەی رێگای کامپی پەنابەران | $250,000 | 30 | 2 |
| چوارڕیانی دەروازەی هاتنەناو شارەدێ | $100,000 | 50 | 3 |
| کۆی گشتی | $1,420,000 | 275 | 16 |





وێنەی سەرەوە: قەرەباڵغی بە درێژایی شەقامی سەرەکی شارەدێیەکە روو لەزیادبوونە. وێنەی خوارەوە: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە چوارڕیانێکی کراوە بە بەرزەپرد هەبێت لە دەروازەی هاتنەژوور بۆ باسرمە (تەنها وێنەیەکی پێشبینیکراوە).



### 3a وێستگەی گواستنەوەی گشتی

لە تەنیشت وێستگەی پشوودانی پلان بۆ ئامادەکراو کە هاوسنوورە لەگەڵ ڕێگای سەرەکی، وێستگەیەکی گواستنەوەی باش داڕێژراو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر باسرمە دەبێت. خزمەتگوزاری پێشکەش بە کۆمپانیاکانی پاس دەکات و فرۆشگاکانی کاڵا دەفرۆشن بە گەشتیاران، بەمەش کۆمەڵێک هەلی کاری هەمیشەیی دابین دەکات.

### 3b چاکردنەوەی ڕێگاوبان

چاککردنەوەی 100,000 م$^2$ لە شەقامەکانی باسرمە بەشێکە لە ڕێبازێکی یەکخراو کە ژیانی ڕۆژانەی هەموو دانیشتووان دەگۆڕێت. لە ئێستادا، هاتوچۆ بە ئۆتۆمبێل یاخود بە پیادە، بەهۆی خراپی ڕێگاوبانەکانەوە خاو بووەتەوە. بە چاکردنەوەی ڕێگاوبانەکان، سەلامەتی بۆ پیادە و هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل باشتر دەبێت.

### 3c چاکردنەوەی ڕێگای کامپی پەنابەران

ئەو ڕێگایەی شارەدێی باسرمە و کامپی پەنابەران بەیەکەوە دەبەستێتەوە، تێکچووە. نۆژەنکردنەوە دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ یەکخستنی ژێرخانی کامپەکە و شارەدێی باسرمە، وەک سوود وەرگرتن لە بنکەی تەندروستی بۆ هەردوولا. هەروەها ئامانج لە دروستکردنی ناوچەیەک بۆ پیادە ڕۆیشتن لە دەرەوەی کامپەکە، ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانە.

پلاندانان
تەواو بووە

### 3d چوارڕیانی دەروازەی هاتنەژوور بۆ شارەدێیەکە

گەیشتن بە ڕێگاوبان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودێکی گەورەی هەیە بۆ گەشەپێدانی باسرمە. ڕێگای چوونە ژوورەوەی ئێستا بۆ هاتوچۆی ناوخۆیی و تێپەڕبوونی بارهەڵگرەکان، سەلامەت نییە. ڕێکخستنەوەیەکی تازە بۆ هاتوچۆی گشتی، ڕێڕەوێکی بە بەرزەپرد بۆ چوون و گەڕانەوە (سوڕانەوە) لە دەرەوەی وێستگەی پشوودان و گواستنەوەی گشتی دابین دەکات.

#### بنیاتنانی کۆمەڵگا

دانیشتوانی باسرمە بە یەکەوە لەگەڵ شارەزایان کاردەکەن بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی تۆڕی گواستنەوە، وەک شوێن و قەبارەی شۆستەکان و بۆ دیاریکردنی پرسە سەرەکییەکانی وەک سەلامەتی یان مەترسییەکانی ئێستا. چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا وەک خەڵکی پیادە و پاسکیلسوار و بەکارهێنەرانی پاس و ئۆتۆمبێل - لە ناوچە جیاوازەکانی شارەدێیەکە – نوێنەریان دەبێت لەم پرۆسەیەدا. لە حاڵەتی دیاریکردنی وێستگەی گواستنەوەدا، کۆمپانیاکانی دابینکردنی پاسیش بەشدار دەبن.



**9** پیشەسازی و داهێنان و تازەگەری و ژێرخان

ئامانجی (9) نۆهەمین ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوامی بریتییە لە ئامادەکردنی ژێرخانی بەهێزو بەرگەگر و هاندانی گشتگیری و بەردەوامیدان بە کەرتی پیشەسازی و تایبەت هەروەها پشتگیری کردن لە داهێنان و تازەگەری.

پرۆژەکانی ناو پێرستەکە پێکەوە دەبنە هۆی گەشەپێدانێکی گشتگیری ژێرخانی باسرمە کە دەرفەت بۆ دانیشتووان و خاوەنکارەکان دەڕەخسێنن بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر.



بە یەکەوە کارکردن لەسەر

# 4 ژێرخانی بنچینەیی

خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەک ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا، بنچینەکانی گەشەپێدان دابین دەکەن. بەدرێژایی چەندین ساڵ، ئاستی خزمەتگوزارییەکان دابەزینیان بەخۆوە بینیوە.

خزمەتگوزارییەک کە جێی متمانە نەبێت، ژیان و گوزەرانی خێزانەکان و کارو چالاکیەکان. زۆربەی جار ئاو هێنان بووە بە ئەرکی ئەو منداڵانەی کە پێویستیان بە کات هەیە بۆ ئەوەی بچنە قوتابخانە.

پلاندانان بۆ ژێرخانی نوێ بە بەشداری هەمووان یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی خزمەتگوزارییەکان کە لە ئاستی خواستی دانیشتوانی باسرمەو کارسازو خاوەنکارە ناوخۆییەکان بێت. ئەو ئاوەی کە لە بەلوعەکانەوە دێت و پشتی پێدەبەسترێت بۆ خواردنەوە کاریگەری دەستبەجێی لەسەر تەندروستی گشتی هەیە. یەکخستنی خزمەتگوزارییەکانی شارەدێی باسرمە و کامپی پەنابەران هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی کارکردن بۆ ئایندەیەکی هاوبەش.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| باڵەخانەی چاکردنەوەی کارەبا | $240,000 | 150 | 40 |
| نوێکردنەوەی بگۆڕەکانی کارەبا | $54,000 | 8 | 1 |
| بنکەی تەندروستی بە ووزەی خۆر | $120,000 | 4 | 1 |
| ڕووناکییەکانی شەقام بە ووزەی خۆر | $200,000 | 12 | 3 |
| چاکردنەوەی تۆڕی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە | $1,800,000 | 45 | 5 |
| چاکردنەوەی تانکی ئاو | $250,000 | 40 | 6 |
| چاکردنەوەی تۆڕی ئاوەڕۆ | $3,600,000 | 92 | 8 |
| کۆی گشتی | $6,264,000 | 351 | 64 |

## (4a) باڵەخانەی چاکردنەوەی کارەبا

دابینکردنی کارەبای پێویست ئاڵنگاریە بۆ ناوچەیەک کە بەخێرایی گەشە دەکات. باسرمە پشکی خۆی جێبەجێ دەکات لە دارِشتنی پلانی سەرەتایی بۆ ژێرخانی ئێستا کە وێستگەی کارەباکە بەشێکە تێیدا.

## (4b) نوێکردنەوەی بگۆڕەکانی کارەبا

نوێکردنەوەی حەوت بگۆڕی کارەبا هەنگاوی داهاتووە بۆ دەستەبەرکردنی کارەبای بەردەوام بۆ شارەدێیەکە. ئەمە گرنگە بۆ فەراهەمکردنی ژێرخانی بنچینەیی بۆ کارو پرۆژە تازەکان لەپێناو گەشەپێدانی ئابووری.

## (4c) بنکەی تەندروستی بە ووزەی خۆر

بنیاتنان تەواو بووە


دانانی سیستمی ووزەی خۆر بۆ بنکەی تەندروستی باسرمە خزمەتگوزارییەکی نەپچڕاو مسۆگەر دەکات. لەسەر ئاستی درێژخایەندا، سیستەمەکە هاوکار دەبێت لە کەمکردنەوەی تێچووی بەرێوەبردنی بنکەکە و هاوکات کەمتر ژینگە پیس دەکات بەراوورد بە سەرچاوەکانی دیکەی دابینکردنی کارەبا.

## (4d) ڕووناکییەکانی سەر شەقام بە ووزەی خۆر

پلاندانان تەواو بووە

ڕووناکییەکانی سەر شەقام وادەکەن شەقامەکان سەلامەتتر و سەرەنجراکێشتر بن. سوودێکی دیکەی ڕووناکییەکانی سەر شەقام بە ووزەی خۆر کەمکردنەوەی تێچووی دابینکردنی ووزەیە بۆ ئەو گڵۆپانە. ووزەی خۆر تەکنەلۆژیایەکی سەلمێندراوەو ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن.





نوێکردنەوەی ژێرخانی کارەبای باسرمە گۆڕانکارییەکی گەورە دروست دەکات لە ژیانی دانیشتوان و پرۆژە تازەو کۆنەکان (تەنها وێنەیەکی پێشبینیکراوە).



چاکردنەوەی تانکی ئاوو پێشخستن و بەهێزکردنی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ کارێکی زۆر گرنگە بۆ باسرمە بۆ ئەوەی بتوانێت لە قۆناغی دواتردا خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی دیکەش نوێ بکاتەوە (تەنها وێنەیەکی پێشبینیکراوە).



## 4e چاکردنەوەی تۆڕی ئاوی خواردنەوە

وەک ژێرخانی ئێستا بۆ وزە و ئاوەڕۆ، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە باسرمە پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە. چاککردنەوەی تۆڕی ئێستا یەکەم هەنگاوی کاریگەرە لە ڕووی تێچوونەوە. باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و کەمکردنەوەی لێچوون و دزەکردن کاریگەری دەستبەجێی لەسەر کۆمەڵگا دەبێت.

## 4f چاکردنەوەی تانکی ئاو

چاککردنەوەی کۆگای (عەماری) ئاوی باسرمە هەنگاوی داهاتووە لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە. هەرێم بەرەو شێوازی کرێ لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان دەڕوات. پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی چاوەڕوانکراودا پێشمەرجێکی گرنگە بۆ ئەم شێوازە (مۆدل).

## 4g چاکردنەوەی سیستمی ئاوەڕۆ

چاککردنەوەی سیستمی ئاوەڕۆی ئێستا یەکەم هەنگاوە لە پرۆسەی وەستاندنی دزەکردنی مادەی نیترات لە ژێر زەویدا - وە لە دواتردا وەستاندنی لە دزەکردن بۆ ناو ئاوی خواردنەوەی باسرمە. کۆی ئاوەڕۆکە کە بڕیارە نۆژەن بکرێتەوە 30 هەزار مەتر درێژی دەبێت. هەروەها دەرفەت هەیە بۆ تێکەڵکردنی سیستمێکی تازەباو (مۆدێرن) و گەورەتر لەگەڵ ڕێڕەوی ئاوی زریان و باران کە پلانی بۆ ئامادەکراوە.

پلاندانان تەواو بووە

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

لێکۆڵینەوە کردن لەسەر پرسەکانی ئێستا و داواکارییەکانی بەکارهێنەرانی کۆتایی لە باشترکردنی تۆڕی کارەباو ئاو و پاکوخاوێنیەوە دەستپێدەکات. هەروەها لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکدەکەون لەسەر بەرپرسیارێتیەکانی پاراستنی سیستەمەکە. لەوانەیە بژاردەی جیاواز لەگەڵ بەکاربەرانی کۆتایی و هاوبەشان تاقیبکرێتەوە پەیوەست بە پێدانی کرێ لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان، وەک ئامادەییان هەبێت بۆ پارەدان، ئەوەش ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی ڕاپرسی یان گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو.



3 تەندروستی باش و خۆشگوزەرانی

ئامانجی (3) لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام دەستەبەر کردنی ژیانێکی تەندروست و باشترکردنی خۆشگوزەرانییە بۆ هەموو کەسێک و هەموو تەمەنێک.

ژیان و خۆشگوزەرانی تەندروست لە ئاسایش و پەروەردە و دامەزراوە تەندروستییە بنەڕەتیەکانەوە دەست پێدەکات. قوتابخانەکان و بنکەی پۆلیس و بنکەی تەندروستی کە باسرمە پلانی بۆ داناوە هاوکار دەبن لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.



به یەکەوە کارکردن لەسەر

## 5 دامەزراوە کۆمەڵگاییەکان

شارەوانییەک. نەک تەنها بۆ دانیشتووانی باسرمە بەڵکو بۆ گوندەکانی ناو دەوروبەری شارەدێیەکەش سوودی دەبێت. دابینکردنی خزمەتگوزاری لەسەر ئاستی ناوەندی لە ڕێگەی وەزارەتە بەرپرسیارەکانەوە پلانی بۆ دانراوە. شارەوانییەکان داواکاری زۆریان هەیە لە کاتێکدا بودجەیان سنووردارە.

پێرستی وەبەرهێنان باس لە پێویستی باشترکردنی دامەزراوەکان دەکات. ئەو پرۆژانە دەخاتەڕوو کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە گرنگیان دەزانن. هەروەها ڕێگەیەک پێشکەش بە وەزارەتەکان دەکات بۆ تێکەڵکردنی پرۆژەکان لە پلانی ئاستی ماماناوەنددا.

پرۆژەکان بریتین لە بنکەی تەندروستی و قوتابخانە و بنکەیەکی پۆلیس. بابەتێکی گرنگ پەیوەست بەم پرۆژانە، دڵنیابوونە لە دابینکردنی پارە بۆ دامەزراندنی کارمەند و کارکردنی درێژخایەن. ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ووردتر لە برگەی پلانەکاندا لەلایەن هاوپەیمانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەر پرۆژەیەکەوە روون دەکرێتەوە.

هەروەها سیاسەتە تازەکەی وەزارەتی پەروەردە تایبەت بە یەکخستنی پەروەردەی پەنابەران کە لەم دواییانەدا دەستپێکردووە، کە داوای تێکەڵکردنی تەواوی منداڵانی پەنابەران لە قوتابخانەکانی ئێستادا دەکات، بەشێکی سەرەکی دەبێت لە جێبەجێکردنی دەرفەتە نوێیەکانی خوێندن.

| | تێچووی خەملێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| بنکەی تەندروستی | $1,500,000 | 150 | 40 |
| بنکەی پۆلیس | $250,000 | 120 | 20 |
| قوتانخانەی سەرەتایی | $450,000 | 120 | 32 |
| قوتابخانەی کچان | $800,000 | 200 | 20 |
| کۆی گشتی | $3,000,000 | 590 | 112 |



وێنەی سەرەوە: وەزارەتی پەروەردە لەم دواییەدا سیاسەتی یەکخستنی پەروەردەی پەنابەرانی دەستپێکرد، کە داوای تێکەڵکردنی تەواوی منداڵانی پەنابەران لە سیستەمی قوتابخانەکانی ئێستای کوردستاندا دەکات، لەنێویاندا قوتابخانە نوێیەکانی باسرمە کە پلانیان بۆ داندراوە. وێنەی خوارەوە: نوێکردنەوەی بنکەی پۆلیس لە پێشینەی کارەکانی شارەوانییە (تەنها وێنەی پێشبینیکراوە).






## (5a) بنکەی تەندروستی

نەبوونی چاودێری تەندروستی خۆجێیی گونجاو کاریگەرییەکی گەورەی هەیە. ناچاربوون بۆ وەرگرتنی چارەسەر لە شوێنێکی تر گرانە و دانیشتووان زیانیان پێدەگات و تاکەکانی کۆمەڵگاکەیان دوور دەکەونەوە. بنکەیەکی تەندروستی ئامادەکراو بە کارمەندی باش و پیشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دەتوانێت چارەسەر بە شێوەیەکی خێراتر فەراهەم بکات هەروەها تەندروستی گشتی و خۆشگوزەرانی دابین بکات.

## (5b) بنکەی پۆلیس

دابینکردنی ئاسایش لە شوێنە گشتییەکان و پاراستنی دانیشتوان و ماڵ و سامانیان ئەرکی پۆلیسە. بۆ وەرگرتنی ئەم بەرپرسیارێتییە هێزی پۆلیس پێویستی بە ڕاهێنانی باش هەیە، مووچەی شایستە کە لەگەڵ ئەرکەکانیاندا بگونجێت و دابینکردنی کەرەستە و ئامرازە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان. وێستگەیەکی نوێ هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە لە دروستکردنی ئەم هێزەدا.

## (5c) قوتابخانەی سەرەتایی

باسرمە پێویستی بە قوتابخانەی سەرەتایی زیاتر هەیە. لایەن پەیوەندیدارەکان پێکەوە کاردەکەن بۆ دەستەبەرکردنی قوتابخانەیەکی تازە بۆ شارەدێیەکە کە پێکدێت لە **6** پۆلی خوێندن و جێگای **190** قوتابی دەبێتەوە.

تەداروکات
لە ئارادایە

## (5d) قوتابخانەی کچان

دەگوترێت پەروەردەکردنی کچێک واتا پەروەردەکردنی یەک نەوە. قوتابخانەیەک بۆ کچانی باسرمە دەرفەتی خوێندنیان باشتر دەبێت هەروەها سوودی بۆ کۆمەڵگاش دەبێت. قوتابخانە تازەکە لە **10** پۆلی خوێندن پێکدێت و جێگای **300** قوتابی دەبێتەوە.

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

پابەندبوون بە پەرەپێدان بە دامودەزگاکان خاڵی دەستپێک دەبێت بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر یەک مێز. سەرکەوتن پەیوەستە بە دۆزینەوەی کارمەندانی ئاست بەرز وەک کارمەندانی تەندروستی هاوکات دابینکردنی پارەو سەرمایەی پێویست بۆ ئەوەی مووچەیان بۆ دابین بکەن لەپێناو پاراستن و بەردەوامیدان بەم دامودەزگایانە. لەگەڵ دەستپێکردنی هەر پڕۆژەیەک، لێکۆڵینەوەیەکی خێرا ئەنجام دەدرێت بۆ دەستنیشان کردنی پێداویستییەکانی پەیوەست بە شوێنی بەردەست.



لە ڕێگەی وێرکشۆپە کارلێکراو و کاریگەرەکان، لایەنە پەیوەندیدارەکانی باسرمە بەشداری دەکەن بۆ دیاریکردن و پێشینەدان (ئەولەویەتدان) بە پڕۆژەکانی ئەم پێڕستەی وەبەرهێنان. ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بە هاوبەشی و هەماهەنگی.



جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاو

# شێوازی وەبەرهێنانی ستراتیژی

دەگوترێت کە ئامانجێکی بێ پلان تەنها خەونێکەو هیچی تر. حکومەتی خۆجێیی و کۆمەڵگای کارساز و دانیشتوانی باسرمە بە خەونێک دەستیان پێکردووە بۆ شارەدێیەکەیان. خەونەکە گۆڕدراوە بە کۆمەڵێک ئامانج کە لە ڕێگەی پڕۆژەکانی ناو ئەم پێڕستە بەدیدێت.

پێڕستەکە گونجاوی لە نێوان پڕۆژە هەڵبژێردراوەکاندا بەرجەستە کردووە. هەر پڕۆژەیەکی جێبەجێکراو و بەدیهاتوو هەنگاوێکە بەرەو خەونی هاوبەشی باسرمە کە ژیانێکی باش بۆ هەمووان دابین بکات. شوێنێک بێت پێی بگوترێت ماڵ، بڕۆیت بۆ قوتابخانە و بۆ کارکردن. ناوەندێک بێت بۆ خەڵکی گوندەکان بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی، بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان و کڕینی ئەو بەرهەمانەش کە زەویەکانیان بەرهەمی ناهێنن.

پێڕستی وەبەرهێنان بەڵگەنامەیەکی زیندووەو ڕێبازێکی ستراتیژی پێشکەش دەکات بۆ وەبەرهێنانی خۆجێیی. ڕێبازی وەبەرهێنان ئاراستە دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانی باسرمە و هاوپەیمانی وەبەرهێنەران و گەشەپێدەران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بۆ هەر پڕۆژەیەک کە پێکدەهێنرێت. هەروەها بەرپرسیار دەبن لە پلاندانان بۆ پاراستنی درێژخایەنی پڕۆژەکان، وەک بەڕێوەبردنی شوێنی سەوزایی و دامەزراندنی مامۆستایان و کارمەندانی قوتابخانەکان.

ئەو ڕێبازە یەکگرتووەی کە پێڕستەکە دەیگرێتەبەر، پڕۆسەی بڕیاردان بۆ حکومەتی خۆجێیی و ناوەندی و هەروەها بۆ خاوەنکاران و هاوبەشەکانی گەشەپێدان ئاسان دەکات. پێکەوە لەگەڵ خەڵکی باسرمە پڕۆژەکان بەدی دێنن و شان بە شانی ئەوەش خەونەکەی کوردستان ئایندە دروست دەکات.

## ئەم پێڕستەی وەبەرهێنان دەستپێشخەریەکە لە لایەن

شارەوانی باسرمە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، کۆمەڵەی شارەوانییەکانی هۆڵەندا (VNG) نێودەوڵەتی، ئەنجومەنی پەنابەرانی دانیمارک هەروەها کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR.

## پەیوەندی بەم لایەنانەی خوارەوە بکە ئەگەر پرسیارت هەیە


شارەوانی باسرمە basirmamunicipality@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی شارستانی momt.gdup@gmail.com
(وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار)

VNG ی نێودەوڵەتی rawshan.atrooshi@vng.nl



تشرینی یەکەمی 2022